# بۆ یادی محەمەد بەدری شاعیر وەڵامێکی درەنگوەخت بە وەڵامی نامەیەک ... سەباح ئیسماعیل

محەمەد بەدری دەنگێکی تایبەت و بە نووسەرێکی تا بڵێی ماندوونەناس و کۆڵنەدەر و ئازا و بوێر ناسرا بوو. ئەو بە کۆمەڵە شیعری (ئای چەندم خۆش دەوێ) ناسرا. لە کاتێکدا ئەو شیعرانەی کەوتنە بازاڕەوە ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس لە چڵەپۆپەی دەسەڵات و گۆڕانکارییەکاندا بوو. کەچی ئەویش بێ سڵکردنەوە لە ترس و تۆقاندن، خامەی بەپێزی لێ خستبووە گەڕ و، دەیویست شتگەلێك مەترەح و پیادە بکات، دەسەڵات پێی دڵگران و شێتگیر دەبوو:

ئازیزەکەم
پێیان ئەکرێ
مەل لەدار و ماسی لە ئاو دوورخەنەوە..
هەرچی چەم و دەریا هەیە بیخۆنەوە..
پێیان ئەکرێ
گشت وشەکانم سەرببڕن
هەڵبەستەکانم هەڵواسن
هەناسەکانم بۆ نەمان ببەنەوە..
بەڵام هەرگیز پێیان ناکرێ
گڕی عشق و خۆشەویستیت
لەناو دڵما کپکەنەوە..

نووسەر لە دوادوایی تەمەنی ڕژێمی بەعسدا، شیعرێکی بەناوی (دار گوێز) ەوە خوێندەوە، پیاوانی ڕژێم لەسەر مینبەر دایانگرت و تا بەر دەرکی بەندیخانە لە لێدانی نەوەستان. ساڵی 2001 نامەیەکم بۆ نارد، تێیدا ڕەخنەم لەو وەرگێڕانە سەرپێییەی دوو چیرۆکی جاك لەندەن بۆ کوردی گرتبوو، کە محەمەد بەدری لە ساڵی 1984 وەری گێڕابوون و لە کتێبێکدا بەناوی (خۆشەویستی ژیان) بڵاوی کردەوە. ئنجاش دەستخۆشیم لەو هەڵوێستە مەردانەیەی کردبوو، کە لە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێن و ئەو ئازایەتی و بوێرییەی چۆڕاندووەتییە کتێبی (ئای چەندم خۆش دەوێ) وە. ئەو وەکو دەستخۆشی و پێزانینێك لە هەفتەنامەی پاشکۆی عێراق ژمارە (666) ی 2001/11/30 لە گۆشەی دەنگێك بەناوی (وەڵامی نامەیەك) وەڵامی دامەوە. بێ ئەوەی لە نامەکەمدا شتی وام گوتبێ، ئەو وەرگێڕانی کۆمەڵە چیرۆکەکانی جاك لەندەن بۆ کوردی کردبوو بە ماڵ بەسەرمەوە. من بەڵێنی وام نەدابوو، وەلێ لەبەر ڕێز و خۆشەویستی و وەفادارییەك بۆ مامۆستا، بڕیارم داوە چیرۆکێکی جاك لەندەن بکوردێنم. ئەمەش دەقی (وەڵامی نامەیەك) ە:

*لە ڕێگەی کاك هیجران ئەحمەدەوە لەلایەن کاك سەباح ئیسماعیلەوە، نامەیەکم پێ گەیشت. زۆر سوپاسی هەردووکیان دەکەم و ئاواتەخوازی ئەوەم، کە هەمیشە سەرکەوتووبن.

*ئەوەی کاك سەباح دەڵێ زۆر ڕاستە، چونکە بەشبەحاڵی خۆم کاتێ ئەو کتێبە لە چاپدرا و گەیشتە بەردەستی خوێنەران هەستم بەو کەموکوورییە کرد، بەڵام وەکو دەڵێن کار لەکار ترازا بوو، پێشم نەدەکرا بۆ جارێکی دیکە پێیدا بچمەوە و هەڵەکانی چارەسەر بکەم.

*چیرۆکەکانی ئەو کتێبە، واتە کتێبی (لەژێر ئاسمانی سەهۆڵ بەنداندا)، کە دانەرەکەی (جاك لەندەن) ە، هەر دڵ]ی لە کوردستانی خۆماندا ڕووداون، منیش بەپەلە هەندێکیانم کردە کوردی و خێرا گەیاندمە چاپ بەو هیوایەی، کە خزمەتێك بە وشەی کوردی بگەیەنم.

*ئێستاکەش، کە کاك سەباح دەیەوێ ئەو کتێبە بکاتە کورد، کارێکی زۆر پەسەند و نایابە و شایانی شانازییە. چونکە مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە، کە ڕۆمانێك، کتێبێك، چیرۆکێك، هەڵبەستێك، لەلایەن چەند کەسێکەوە بخرێتە سەر زمانێکی دیکە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو بەرهەمە زۆر بەسوود و باشە.

*زۆر سوپاسیش بۆ کاك سەباح بۆ ئەو نامە بەنرخە و ئومێدەوارم، کە من هەر ئەو زاتە بم، کە کاك سەباح لە ئاوێنەی (ئای چەندەم خۆش دەوێ) دا، بۆم بڕوانێ.. زۆر سوپاس.

مخابن محەمەد بەدری دەستی تیرۆر گرتییەوە و کوڕێکیان ڕفاند، هەر چۆنێك بوو بە پارەیەکی زۆر ئەمیان بەرەڵا کرد، پاشان کوڕە ئەندایارەکەیان برد و بەسەربڕاوی بۆیان گەڕاندەوە. ئیدی ئەو دوو ڕووداوە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەری هەبوو، تا مرد بە ئازاری لەدەستدانی جگەر گۆشەکەیەوە دەتلایەوە.

محەمەد بەدری ساڵی 1937 لە بەدرە لەدایك بووە، ساڵی 1977 زانکۆی موستەنسرییە بەشی دەروونناسی تەواو کردووە. نزیك بە سی ساڵ ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی و ئەندامی کارگێڕی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە. لە فیستیڤاڵی یەکەمی شیعری کوردی لە کەرکووك لە ساڵی 1973 و دووەم لە سلێمانی 1979 بەشداربووە، زۆربەی شیعرەکانی بۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و ڕۆمانی و ئازەربایجانی، وەرگێڕاون، لە ژیانیدا (18) کتێبی بەچاپ گەیاندووە، دوا پۆستی، جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی) بوو، مامۆستا لە 2006/9/14 بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لێ کردین.

ojeen_sabah@yahoo. com